# مەخوور

خاوەنی ئیمتیاز
**جەمیل سنجاوی**

سەرنووسەر
**بەختیار محەممەد**
makhmur@yahoo.com

www.mexmurpress.com

ژمارە ( ١٧ ) | رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت | نرخ ( ٥٠٠ ) دینار | دووشەممە ٢٠١٠/٢/١٥ | ٢٦ی ڕێبەندانی ٢٧٠٩


### غەفوور مەخمووری کاندیدی ژمارە ( ١١ )ی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە پارێزگای موسڵ:

# تەواوی تواناکانم بۆ خزمەتکردنتان بەکار دەهێنم

**غەفوور مەخمووری کاندیدی ژمارە ١١ی لیستی هاوپەیمانی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق وتارێکی تایبەتی بۆ (دەنگی مەخموور) نووسیووە کە ئەوە دەقەکەیەتی:**

٢٠١٠/٣/٧ جەماوەری کوردستانو ئێراق روو لەسندوقەکانی دەنگدان دەکەن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی نوێ بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق، بەشداری جەماوەریش ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە. لەم هەڵبژاردنە کۆمەڵێ هاوپەیمانی و لیستی جیاجیا بەکۆمەڵێ پاڵێوراوەوە بەشدارن و کار بۆ ئەوە دەکەن کە بگەنە پەرلەمانی ئێراقی فیدرال، لیستی ژمارە ٣٧٢ لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە لە ١٣ حیزب و لایەنی سیاسی کوردستان پێکهاتووە یەکێکە لەو لیستانەی کە بەبەرنامەیەکی گشتگیرو سەردەمیانەو ژمارەیەکی بەرچاو لەپاڵێوراوان بەشداری هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ دەکات و، هەوڵدەدات بەبەرنامەیەکی چوار ساڵی بچێتە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی فیدرال بۆخزمەتکردنی خەڵکی کوردستان.

لەم هەڵبژاردنەدا جەماوەر دەتوانی پەرلەمانتاری بوێرو هەقگۆ هەڵبژێرێت و لەکاتی دەنگداندا بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان لەبەرچاو بگرێت و لەسەر بنەمای لێهاتوویی دەنگ بە پاڵێوراوەکان بدات نەك بنەمای حیزبی، لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا بەغدا سەنگەری پێشەوەی بەرگریکردنە لەمافەکانی گەلی کوردستان، بۆیە پێویستە (دەنگدەر) بزانێ کێ بۆ ئەو سەنگەرە پێویستەو دەتوانێ بەرگری لەمافەکانی خەڵك بکات. ئێمە لەبەغدا دەبێ کوردایەتی بکەین نەك حیزبایەتی، دەبێ ڕەچاوی ئەوەش بکەین ئەوەی کە دەنگی پێدەدەین کەسایەتییەك بێت بوێرو هەقگۆ بێت و لەخەمی خەڵکدابێت، کەسایەتییەك بێت توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەبێتو خودان ئەزموونێکی باش بێت لەکاری پەرلەمانی و ڕۆشنبیرو سیاسەتزانێکی کاراش بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ لەداهاتوودا لەئەنجوومەنی نوێنەران داکۆکیکارێکی باش بێت لەمافەکانی خەڵکی کوردستان. ئەمەیان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی کوردستانو ئێراق پێویستە بەو ئاراستەیە پاڵێوراوەکان هەڵبژێرن.

سەبارەت بەدەقەری مەخموورریش، دیارە لەم هەڵبژاردنەدا کۆمەڵێ خوشك و برا خۆیان پاڵاوتووەو بەندەش یەکێکە لەو پاڵێوراوانە، دەقەری مەخموورو قەراج و گوێڕو کەندێناوە لەزۆربەی زۆری خزمەتگوزارییەکان بێبەشن و پێویستیان بەئاوڕلێدانەوەی خێرا هەیە، ئەو دەقەرە پێویستی بەوەیە کە بەزووترین کات هەوڵبدرێت کێشەکانی چارەسەر بکرێن، پێشووتریش لەچەندین بۆنەو ناوەندا لەم ڕووەوە قسەم کردووەو کێشەکانمان خستۆتەروو، لەچوار ساڵی ڕابردوو کە لەپەرلەمانی کوردستاندابووم بەردەوام هەوڵمداوە بەرگری لەمەخموورو قەراج و گوێڕو کەندێناوە بکەم، لەبەرئەوەی بەردەوام لەهاتووچۆدامە لەو دەقەرەو هەست بەئێش و ئازارو خەمەکانی دەقەرەکە دەکەم، ئێستاش کە خۆم پاڵاوتووە لەسەر ئەو ناوچەیە تەنیا ئامانجم ئەوەیە کە بتوانم خزمەتی ناوچەکەم بکەم، ئەگەر جەماوەری ئەو ناوچەیە پێی باش بوو ئەو ئەرکەی پێسپاردم ئەوا بەوپەڕی تواناوە هەوڵدەدەم خزمەتی جەماوەرو ناوچەکە بکەم. لەڕابردوودا کە لەپەرلەمانی کوردستان بووم لەڕووی یاساییەوە نوێنەری دەقەرەکە نەبووم، بەڵام بەردەوام هەوڵمداوە بەرگری لەناوچەکەم بکەمو دەنگی جەماوەری ئەو ناوچەیە بگەیەنم بەپەرلەمانی کوردستان، ئەگەر بەدەنگی ئێوەی خۆشەویست بیمە نوێنەرتان ئەوا وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی هەوڵ دەدەم تەواوی تواناکانم بۆ خزمەتکردنتان بەکاربهێنم. لێرەوە داوا لەجەماوەری ناوچەی مەخموورو قەراج و گوێڕو کەندێناوە دەکەم سەیری توانا و لێهاتوویی و ئەزموونی پاڵێوراوەکان بکەن بۆخستنە ڕووی کێشەکانو بەدواداچوونیان ئینجا دەنگ بدەن، پاڵێوراوەکانی تریش هەموویان خوشك و برای منن و بڕیار بڕیاری ئێوەی بەڕێزو خۆشەویستیشە کە کێ هەڵدەبژێرن و بەنوێنەری خۆتانی دەزانن؟ ٢٠١٠/٣/٧ ئێوەی ئازیزو خۆشەویست دەتوانن بڕیاری خۆتان بدەن بۆهەڵبژاردنی نوێنەری خۆتان، مەخموورو گوێڕو قەراج و کەندێناوە پێویستیان بەخزمەتکردنە نەك حیزبایەتی، ئێوەی بەڕێزیش بەرژەوەندی دەقەرەکە لەبەرچاو بگرن و بڕیاری خۆتان بدەن.

### قایمقامی قەزای مەخموور:

## نجیفی بەهەستێکی دوژمنکارانە دەڕوانێتە ناوچە کوردییەکان

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

دوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو وەفدێك لەشاندی مەخموور سەردانی بەغدایان کردو لەلایەن سەرۆکایەتی کۆماری عێراق و چەند وەزارەتێکی حکومەتی عێراق کۆمەڵێ بەڵێنیان پێدرا، بۆ ئەم مەبەستەو بۆ بەدواداچوونی ئەو بەڵێنانە قایمقامیەتی قەزای مەخموور سەردانی بەغدایان کرد.

لەلێدوانێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموور) بارزان سەید کاکە قایمقامی قەزای مەخموور باسی لەو سەردانەیان بۆ بەغدا کردو ڕایگەیاند "هۆکاری ئەو سەردانەمان بۆ بەغدا ئەوەبوو کە چەند پرۆژەیەکی گرنگ لەوانە لێدانی ١٠٠ بیری ئاو لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە بەڵێنی بۆ درابوو، بەداخەوە لەماوەی ساڵێك تەنیا ١٢ بیر لێدراوەو لەو ژمارەیەش تەنیا دووانیان کەلوپەلیان بۆ دابینکراوە"، سەید کاکە ئەوەشی ڕاگەیاند "لەو سەردانەماندا هەوڵماندا پرۆژەی بیرەکان بەکۆتا بێتو هۆکارێکی دیکەی ئەو سەردانەمان بۆ ئەوەبوو پرۆژەی ئاودێری (گوێڕو شەمامك) لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی فیدراڵی تاوتوێ بکەین، بەسوپاسەوە دکتۆر عەبدولەتیف (وەزیری سەرچاوەکانی ئاو) ڕەزامەندی دا کە لیژنەیەك پێك بهێنێت بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پرۆژەیە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە".

سەبارەت بەئەگەری هاتنی نجیفی بۆ دەقەری مەخموور، بارزان سەید کاکە ڕوونیکردەوە "بەدووری دەزانین نجیفی سەردانی مەخموور بکات، چونکە ئەو دەیەوێت لەڕێگەی دژایەتی کردنی کوردەوە سەرنجی ناوچە عەرەبنشینەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێتو وەك ریکلامێکی هەڵبژاردن ئەو سەردانانە دەکات".

دەربارەی هەڵوێستی ئیدارەی مەخموور بارزان جەختی لەسەر ئەوە کردەوەو گوتی "هاتنی نجیفی ڕەت دەکەینەوە، چونکە نجیفی بەهەستێکی دوژمنکارانە دەڕوانێتە ناوچە کورداییەکانو، هەموو پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لەناوچە کورداییەکان دەگوازێتەوە بۆ ناوچەی دیکە".

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکانی قایمقامی مەخموور سەبارەت بەچەکی قەرەبووی مادەی ١٤٠ ڕایگەیاند "خۆی بڕیاربوو بەر لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ هەندێك چەکی قەرەبوو بەهاوڵاتییان بدرێت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی دواکەوتنی بوودجەی عێراقو دواتریش بوودجەی ماددەی ١٤٠یش کەمکرایەوە، بۆیە کارەکانی دابەشکردنی چەکی قەرەبووی دواخست، ڕەنگە ڕێژەی ئەو چەکانەی بەسەر هاوڵاتییان دابەش دەکرێت کەم بکرێتەوە، بەڵام ئێمە لایەنی پەیوەندیدار نین، ئەو مەسەلەیە زیاتر پەیوەستە بەو دەزگایە کە پێشتر پێیان دەوت وەزارەتی ناوچە داپڕاوەکان، بۆیە دەتوانن ووردەکاری زیاتر لەوان وەربگرن".

## لەماوەی مانگێك سێ ڕادیۆ لەمەخموور دادەمەزرێت

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

مەخموور وەکو ناوچەیەکی دابڕاوی کوردستان لەڕووی ڕاگەیاندنەوە تاڕادەیەکی زۆر فەرامۆشکراوە، بۆ ئەم مەبەستە لەماوەی مانگێکی ڕابردوو سێ ڕادیۆ لەقەزای مەخموور دەستیان بەکارکرد، ئەوانیش بریتین لە هەریەك لەڕادیۆی (دەنگی مەخموور - دەنگی کۆمەڵ - دەنگی گۆڕان).

سەرچاوەیەك لەهەرێمی قەرەچوغی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان) بە (دەنگی مەخموور)ی ڕاگەیاند "یەکێك لەو پرۆژانەی بۆ بەرەو پێشبردنی ڕەوشی ڕاگەیاندن لەبەرنامەماندایە ئەویش کردنەوەی ڕادیۆیە کە ئێستا لەقۆناغی تەواوبوونداین لەماوەیەکی کورت دەست بەپەخشو بڵاوکردنەوەی دەکەین". ئەو سەرچاوە ئەوەشی ڕوونکردەوە "ڕادیۆکەمان بەناوی (دەنگی مەخموور)دەبێت، سەبارەت بەپەخشەکەی تا نزیك ناوچەی پیرداود دەڕوات، پێمان وایە دەبێتە پێشکەوتووترین ڕادیۆ لەدەقەری مەخموور، بەرنامەکانیشی زیاتر لەبواری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری دادەبێت". هەر ئەو سەرچاوە ئەوەشی ڕاگەیاند "لەهەوڵی ئەوەشدا دەبین تەلەفزیۆنێکی ناوخۆیی لەمەخموور دابنێین".

موحسین سلێمان بەڕپرسی کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستان لەمەخموور تایبەت بە(دەنگی مەخموور) ڕایگەیاند "بەهۆی دروستبوونی هەندێ گرفت پەخشی ڕادیۆکەمان بەناوی (دەنگی کۆمەڵ) لەمەخموور دواکەوت، بەڵام دواجار لە ٢٠١٠/١/٢٠ دەستمان بە پەخش کرد، ئەم ڕادیۆیە هەوڵدانە بۆ بەرەو پێشبردنی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری لەدەقەری مەخموور"، موحسین سلێمان ئەوەشی ڕاگەیاند "جگە لەم ڕادیۆیە، ئێستا خەریکی دانانی ڕادیۆیەکی دیکەین کە تایبەت دەبێت بە قورئان". سەبارەت بە تێکەڵبوونی پەخشی ڕادیۆی کۆمەڵ لەگەڵ ڕادیۆکانی تری مەخموور، موحسین سلێمان ڕوونیکردەوە "دیارە لەسەرەتای پەخشەکەمان جۆرێك لەتێکەڵبوونی پەخشی ڕادیۆ هاتەکایەوە، بەڵام لەرێگەی قایمقامی قەزای مەخموورەوە توانرا ئەو گرفتە چارەسەر بکرێت".

لەلایەن خۆیەوە محەممەد حەمید بەڕپرسی بزوتنەوەی گۆڕان لەمەخموور سەبارەت بەکردنەوەی ڕادیۆی دەنگی گۆڕان لەمەخموور گوتی "ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١ پەخشی ڕادیۆی گۆڕان لەمەخموور دەستی بە پەخش کردووەو، بەرنامەکانی هەمان بەرنامەی ڕادیۆی دەنگی گۆڕانە لەسلێمانی، سەبارەت بە پەخشی ڕادیۆکەمان تا ناحیەی دیبەگە دەڕوات".

شایەنی باسە ژمارەی ڕادیۆکانی دەقەری مەخموور ئێستاکە بۆتە شەش ڕادیۆ، هەرچەند بەشێك لەو ڕادیۆیانە تەنیا پەخشی ڕادیۆی هەولێر یاخود سلێمانی دووبارە پەخش دەکەنەوەو یەکێك لەگرفتەکانی ڕادیۆ لەمەخموور ئەویش بوونی بەربەستی چیای قەرەچوغە کە بەشێکی زۆری هاوڵاتییانی ئەو دەقەرەی بێبەش کردووە لەگوێ بیستی پەخشی ئەو ڕادیۆیانە.

### بەهۆی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق ژمارە ( ١٨ )ی ( دەنگی مەخموور ) لە ٢٠١٠/٣/١ دەردەچێت

**ئاگاداری خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان دەکەین کە ژمارەی (١٨)ی ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور) لەڕۆژی دووشەممە ٢٠١٠/٣/١ دەردەچێت بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (دەنگی مەخموور) سەردانی ماڵپەڕی (www.mexmurpress.com) بکەن.**

فۆلکلۆرپەروەر (ئەسعەد عەدۆ): منداڵدانی حەیران دەشتی هەولێرە

٣ ←

کاتێك پێم دەڵێن بێوەژن هەموو گیانم دەسووتێ

٤ ←

١٦ یاریزان لەهەڵبژاردەی ئیتاڵیا شوێنی خۆیان جێگیر کردووە لەمۆندیالی ٢٠١٠

٧ ←